

## کامێراییەک بە روونی 4k فیلم دەگرێت

تەکنەلۆژیا ئەوەندە بە خێرایی پێشـــدەکەوێت بە جۆرێك ئەوەی ئەمســـاڵ وەك داهێنانی گرنگ سەیر دەکرێت، ساڵی داهاتوو وەلادەنرێت، تەلەڤزیۆن و کامێرای HD هێشتا بەتەواوی جێگەی خۆیان نەگرتبوو، کە full HDی جێگەی گرتەوە، و دواتریش 2K و ئەمساڵیش 4K. ئەگەر سەیری وێنە و فیلمی فول ئێچ دیتان کردبێت دەبینن چەندە گەش و روونن، فیلمی 2K چەند قات لەو روونترە و فیلم بە کوالیتی 4K وەك ئەوە دەچێت لە پشت شووشەیەکی روونەوە سەیری دەرەوە بکەی!

کانون بۆ ئەوانەی کە ئاگاداری تەکنەلۆژیا بن، ناوێکی نامۆ نییە، بەتایبەتی لە بواری بەرهەمهێنانی کامێرادا، کۆمپانیای کانون لەم ماوەیەدا کامێراییەکی بەرهەمهێناوە کە بە کامێرای XC10 ناسراوە کە بە کوالیتی و روونی 4K وێنە دەگرێت. کوالیتی وێنەکان 12 مێگاپیســـکلە، کامێراکە بۆ بەکارهێنەرانی تاکەکەسییە، واتە بۆ کاری پیشەیی نییە، لە کامێرای ناوبراودا سیستەمی وای-فای لەسەرە و میمۆری کارتەکەی 64 گێگابایتە.



## بچووکترین لەیزەری تایبەت بە مۆبایل

کاتێك لە ســـیمینار و کۆنفرانســـێکدا بەشداری و زانیاری و داتا بڵاو دەکەیەوە، یان مامۆســـتای و لە قوتابخانە لەسەر تەختەرەشـــە یان تەختە ســـپی دەتەوێ شـــرۆڤەی زانیارییە نووســـراوەکان بکـــەی، زۆر جـــاران لە لایتی لەیزەر ســـوود وەردەگری، یان بە دەست سلایدی سەر لاپتۆپەکەت دەگۆڕی، لەم دواییەدا لەیزەرێکی زۆر بچووك تایبەت بە مۆبایل بەرهەم هاتـــووە، کە هەم وەك تیشـــکی لەیزەر بۆ نیشـــاندان، هەم بۆ گۆڕینی ســـلایدەکان، هەم بۆ تۆمارکردنی دەنگ ســـوودی لێدەبیندرێ. نـــاوی لەیزەرەکە lpin-ەیەو لەگەڵ سیســـتەمی ئەندرۆید دەگونجێ.

## پـــرۆگرامێـک بۆ گـــواستنـــ

ئەگەر تەنانەت بۆ دە ســـاڵ لەمەوبەر بگەڕێینەوە دەماندی بۆ گواســـتنەوەی داتـــا و فایلەکان لە نێوان مۆبایلدا باســـێك لـــە بلوتوس یان وای فـــای نەبوو، تەنیا لە ڕێـــگای IR واتە تیشـــکی ســـوورەوە ئەویش زۆر بە دژواری دەتوانی فایلێك بۆ مۆبایلێکی دیکە بنێری. دوای بلوتوس سیســـتەمی وای-فاش هات. چەندین پرۆگرام بەرهەم هاتن کە ئەرکیان گواســـتنەوەی فایلەکان لە مۆبایلێك بۆ مۆبایلێکی دیکە..یەکێك لە پرۆگرامە ســـەرکەوتووەکان پرۆگرامـــی Infinitە، هەرکـــە پرۆگرامەت کردەوە، دەتوانی ناوێك بۆخۆت دابنێی و پاشـــان دەچیە ســـەر بەشـــی فایلـــەکان، هەرچەندە فایل کە حـــەزت لێبێت دەتوانی بـــۆ مۆبایلێکی دیکە بەڕێ بکەی. جیـــاوازی ئەو پرۆگرامە لەگەڵ پرۆگرامە هاوشـــێوەکانی ئەوەیە کە زۆر بەخێرایی فایلەکان دەگوازێتەوە، فایلێکی 2 گیگابایتی بە





# تەکنەلۆژیای نوێ ناهێڵێت کێشتان زۆر بێت

قەڵــەوی و کێش زۆربــوون گرفتەکانی ئەم ســەردەمەن، بەجۆرێك قەڵەوی لەلایەن ڕێکخراوی تەندروســتی جیهانییەوە وەك کەمئەندامی ســەیر دەکرێت! ئەگەرچی تەکنەلۆژیا هەتا ئێســتا لە خزمەت تەندروســتیدا نەبووە و بگرە هۆکارێك بووە بۆ قەڵەوی و بەرزبوونەوەی کێش و تەمبەڵی جەســتەیی! بەڵام داهێنەرانی تەکنەلۆژیای دیجیتالی سەردەم دەیانەوێ قەرەبووی ئەمە بکەنەوە و داهێنانەکانیان ئەمجارە لە خزمەت تەندروستی مرۆڤدا بێت، لەم دوو ســاڵەدا چەندین ئامێــری دیجیتالیمان دیون کە ئەرکیان ئاگاداری تەندروستی، پێوانی دڵ، ژماردنی هەنگاوەکان و ژماردنی ئەو وزە (کالۆرییە) کە دەســووتێندرێت و هەندێکیشیان ڕێنمایی وەرزشــکردن و ریجێمکردنیان تێدایە.

قەڵەوی مرۆڤ لەســەرەتادا لە زگ و ورگیدا هەست پێدەکرێت، هیچ شــتێکیش وەك قایشــی پانتۆڵ لە ورگ و زگەوە نزیك نییە، بۆیە قایشــی پانتۆڵی دیجیتالی بەرهەم هێنراون کە ئەرکیان ئاگاداری تەندروســتی و پێوانی بازنەی کەمەرە. قایشــی beltyش یەکێکە لەو قایشانە. ئەگەر سایزی دەوری کەمەر بچێتە ســەر، قایشــەکە زەنگی ئاگادارکردنەوە لێــدەدات، هەروەها لەکاتی دانیشتنیشــدا قایشــەکە هەندێك دەکرێتەوە بۆ ئەوەی باشتر هەناسە بدەی. لەکاتی هەستانەوەشدا ئۆتۆماتیکی بچووك دەبێتەوە. ئەگــەر بەرکاهێنەر ماوەیەکی زۆر لە شــوێنێك دابنیشێ قایشەکە هۆشــیاری دەکاتەوە کە هەستە هەندێك پیاسە بکە ئەگینا کێشت دەچێتە سەر!



# دەفتەری بیرەوەری دیجیتالی بە دەنگ دەکرێتەوە

بەرلــەوەی کۆمپیوتەر و مۆبایل بەم شــێوەیە پەرە بستێنن، نووســینی یاداشــت و بیرەوەری ڕۆژانە لە دەفتەرێکی تایبەتیدا دەنووســران، لەم سەردەمەدا کە هەموو شتێك بەرەو دیجیتالی ڕۆیشتووە کۆمپانیایەك هەوڵیداوە دەفتەرێك بۆ نووســینی یاداشت و بیرەوەری چێ بکات کە هەروەك دەفتەری ئاســاییە و لە کاغەز بەرهەمهێنــراوە، بــەڵام دەفتەرەکە تەنیــا بە دەنگی خاوەنەکەی دەکرێتەوە ئیدی هیچ کەس ئاگاداری ڕاز و نهێنییەکانت نابێت. سیستەمەکە هەروەك سیستەمی دەنگی کۆمپیوتــەر و مۆبایل دەچێت واتە بە دەنگی خۆت بۆی دادەنێی کە بکرێتەوە یان دابخرێت.

## ــــەوەی فایلەکان لە مۆبایلدا

کەمتر لە دە خولەك دەگوازێتەوە. تەنانەت ئەگەر مۆبایلێك ئەو پرۆگرامەشــی لەســەر نەبێت هەر دەتوانرێت فایلی بۆ بەڕێ بکەی، جگە لەوەش دەتوانی بۆ دوو مۆبایل کە سیستەمەکەشیان جیاوازە وەك ئایفۆن و گەلاکسی فایلەکان بۆ یەکتر بەڕێ





# هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت:

ماوەیەکە هاندی مۆبایلەکەم کە لە جۆری گەلەکسی 3یە لەکاتی کارکردن بە ئینتەرنێت و یان یاری کردن گەرم دادێت هۆکاری گەرم داهاتنەکەی چییە؟

خوێنەری ئازیز: لەکاتی کردنەوەی لاپەڕەی ئینتەرنێت یان یاری کردن پێویستی بە وزەی زیاترە، لەوکاتەدا گرفتی سەرەکی باتری مۆبایلەکەیە، چونکە باتری مۆبایل وەك جاران وزەی ناچێتەوە سەر و پڕ نابێتەوە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ گەرم داهاتنی، ڕێگا چارە ئەوەیە کە باترییەکەی بگۆڕی.



# تەبلێتە نوێیەکەی Dell و تایبەتمەندی بەرچاو

کۆمپانیای dell بەم دواییە نوێترین تەبلێتی خۆی بەناوی7000 Venue 10 خستەڕوو، کۆمپانیای ناوبراو بە داهێنانی ئەم تەبلێتە نیازی هەیە ببێتە رکابەرێکی جددی بۆ تەبلێتی سێرفێسی 3 مایکرۆسۆفت! هەردوو تەبلێتەکەی دێڵ و مایکرۆسۆفت هەم وەك لاپتۆپ و هەم وەك تەبلێت سوودیان لێوەردەگیردرێت. شاشەی تەبلێتی venue 10 7000 لە سەرووی دە ئێنجە. روونی و گەشەییەکەشی لەسەرووی فول ئێچ دییە. سیستەمی OLEیە. سیستەمی ئەندرۆید 5ی لەسەرە، میمۆرییەکەی 32 گێگابایتە هەرچەندە دەکرێت میمۆری دەرەکیشی بۆ دابندرێت. بارستایی و تەنکی تەنیا 6.2 ملمە و کێشی نزیکەی 600 گرامە. باترییەکەی هەتا 10 کاتژمێر دەخایەنێ.


# پرینتەرێک کێک و




مەودایەك لە نێوان خەیاڵ و راستی لە تەکنەلۆژیادا نەماوە، زۆر جاران وێنەی خواردەمەنییەك، یان شیرینییەك دەبینی، خۆزگە دەخوازی وەك چۆن کاغەزێك پرێنت دەکەی، ئاواش وێنەکەت پرێنت کردبا، کێکی راستەقینەی بۆ دروستکردبای. ئەم خەیاڵە ئەمرۆ بۆتە راستی.

پرینتەرێك کە بە pancakebot ناسراوە هەر ئەوەندە بەسە کە

# مۆبایلەکەت بکە بە کتێبخانە




ئامێـری کتێـب خوێندنـەوەی ئامازۆن واتە کیندل فایەر چەند سـاڵێکە لە دەست هۆگرانی خوێندنەوەدایە، زۆر کەس ئێسـتا لە بری خوێندەوە لە سـەر کاغەز، لەسـەر ئامێرەکانی کتێب خوێندنەوە مۆتاڵا دەکات. کەم کەس هەیـە مۆبایل وەك ئامێری کتێب خوێندنـەوە بەکار بێنێـت، گەلێك پرۆگرام هەن بۆ مۆبایل کە ئەرکیان ئاسـانکاری لە خوێندنەوەدایە. پرۆگرامی moon+reader بۆ خوێندنـەوەی ئەو فایلانەیە کە بە فۆرماتی pdf نووسـراون. پرۆگرامەکە پشتیوانی لە کتێبی کوردیـش دەکات ئەگـەر بە پیتی یونیکۆد نووسـرابێت. تایبەتمەندییەکی ئەو پرۆگرامە ئەوەیە کە سیسـتەمی دەق کردن بە دەنگی تێدایە، واتە دەتوانی کتێبەکەت بۆ بخوێنێتەوە. بەڵام ئەم تایبەتمەندییە بۆ زمانی کوردی ناگونجێت. بەهۆی ئەم پرۆگرامەوە دەتوانی دیاری کردنی مـەودای دێرەکان، گۆڕینی سایزی فۆنت، شێوازی جۆراوجۆر، خوێندنەوە لە شەودا، وەرگێڕانی دەق بە سوود وەرگرتن لە وەرگێڕانی گۆگل، هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی کتێب، ڕیزبەند یکردنی کتێبەکان وەك کتێبخانەیـەك و چەندین تایبەتمەندی دیکە...



## سایتێک کاری سکاینەر دەکات

پرۆگرامگەلێـك هەن بۆ مۆبایل کە کاری سـکاینەر ئەنجام دەدەن، سکاینەر ئەم ئامێرەی کـە دوکیۆمێنت و وێنە کاغەزییـەکان دەکاتە دیجیتالـی. بـەڵام ئەگەر لـە شـوێنێك سـکاینەر و پرۆگرامی سکاینەر نەبوو، ئـەوە دەتوانی لە سـایتی scanr.com سـوودوەربگری. لەم سایتەدا دەتوانی بەڵگە و کتێب و هەر شـتێك هەتە سـکانی بکەی. پاشان بۆ ئیمێلەکەتـی بنێـری، یان چاپی بکەی. ئەم سـایتە ئەپلکەیشـنێکی تایبـەت بەخۆشی هەی کە دەتوانی لە پیشانگاکاندا سوودی لێ ببینی.



## بسکیت دروست دەکات

هەویری شـیرینی بۆ دابنێ و وێنەی بسـکێت، یان کێکێك کە لەسەر شاشە کۆمپیوتەرەکە دەبینڕێت، دروستی بکەی. پرێنتەرە سـێ ڕەهەندییەکان هـەر کێك و بسـکێت چێ ناکـەن، بەڵکو لەم ماوەیەدا پرێنتەری سـێ ڕەهەندی توانـی چەکێك دروسـت بکات کە تەقەشی پێبکرێت.